


ئەڤیننامە

نوسینی : شاخەوانی کەریم هەژار

تایپ : میداد سلێمان – دیدار محمد – هێمن غازی

نەخشەسازی ناوەوە : هەرێم عوسمان

بەرگ : هەرێم عوسمان

مۆتیف : حەسەن سلێمان

تیراژ : 500 وێنە

ژمارەی سپاردن (224)ی وەزارەتی رۆشنبیری


شوێنی چاپ : نێوەندی بڵاوکردنەوەی ئارام – سلێمانی

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم - 2007

**دیاری نێوەندی بڵاوکردنەوەی ئارام**

**بۆ شاخەوانی کەریم هەژار**

PDF4Kurd




www.pertwk.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**پێشکەشە** :-


...... . بەتۆ . . . ئەی جاویدانەگی . ......

............ . بەگوناهەکانم . . . .

.............. . بەو ئێوارانەی کە لێرە نیم . . . .

...................... . بەمانگی دەی هەموو ساڵێک . . . .

سەراب لە ئێوارەکانی **غوربەت**





www.pertwk.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەعەشقا......

**پێویست ناکات ڕاستگۆبین..**

**چونکە ناتوانین شتێکی تر بین.**

## ئێوارەی یەکەم ...

دەچمەوە نێو ئێوارەکانی
رابردوو... ڕابردوویەک پڕە لە تۆ... بەتەنها بەسەر شۆستە چۆڵەکانی ئەوێدا پیاسەدەکەم و گوێ لە گۆرانیەکانی خۆم دەگرم کە سێبەرە ساردەکانی ئێوارە دەیڵێنەوە. کە ڕەنگە سیحراویەکانی ئاوابوون مۆسیقایان بۆ دەژەنن... هەندێ جار پێدەکەنم... زۆرجار دەگریم، هەندێ جار بەبێ دەنگی چاو لە شوێن پێ کانت دەبڕم و لەگەڵ خۆمدا بەشەڕدێم، چونکە بە تەواوەتی هەنگاوەکانت نادۆزمەوە... بەهەرحاڵ لەهەموو ئێوارەکانمدا پڕدەبمەوە لە تۆ... تۆیەک کە دڵنیام هیچ شتێکی منت بیرنەماوە... ئەزانم بەتاڵ بەتاڵیت لەبێدەنگی ئەو کوڕەی کەنەیدەزانی چیت پێ بڵێ... ئەزانم بەتاڵی لەمن بەلاَم من هەمیشە پڕم لە تۆ.



www.pertwk.com



بیرتە! من هەرگیز یەکەمین بینینتم بیرناچێتەوە... مرۆڤ، سەرەتاو کۆتایی شتەکانی ژیانی خۆی بیرناچێتەوە... تۆ لەنێو جەمالیەتی خۆتدا لەو کۆترە سپییە سرەفتە ئەچووی کە لە هێڤارەیەکی پایزدا لەسەر هێلانە پوشینەکەی خۆی ڕووە و ئاوابوون بیری لە بەهار ئەکردەوە... ئاوەها لەپەنجەرەی ژوورەکەتەوە لەئاوابوون ڕامابووی... بریا ئەو ئێوارەیەش بچومایە بۆ گۆڕستان، ئاه، لەگەڵ هاوڕێکانما کاتێک کەبێزار دەبوین لەپۆل و لە خوێندنگە یان بەسەر دیواری گۆڕەپانەکەدا دەچوینەدەرێ یان پەنجەمان دەکرد بە قوڕگی خۆماندا تا بڕشێینەوە، بۆ ئەوەی مامۆستا مۆڵەتی جێهێشتنی خوێندنگەمان بداتێ. هەموو جارێک کە پلانەکانمان سەریان دەگرت هەریەکەمان چەند جگەرەیەکی ئەکڕی و چەند دەنکە شقارتەیەکمان لەکابرای دوکاندار وەردەگرت و لەڕێگادا قەباغی شقارتەیەکمان دەدۆزیەوە و بەرەو شاری ساباب بەڕێ دەکەوتین...( ئێمە)، مەبەستم ئەوانەی کە لە پۆل هەڵدەهاتین و ئاتەشپارە بووین، کەسمان براو خزم نەبوین کەسمان دراوسێی یەکتری نەبوین تەنها خوێندنگە کۆی کردبوینەوە و هەرئەویش لەیەکی جیا کردینەوە... بیرمە هەندێک جار تا ئێوارەیەکی درەنگ بەدوای قەباغی شقارتەدا دەگەڕاین... بەدەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جگەرەکێشانەوە دەستمان دەکرد بەخوێندنەوەی شیعری سەرگۆڕەکان. ئەو شیعرانەی دواین شیعرن بەبێ ئەوەی ئاگاداربیت لەسەر دیواری ژوورەکەت نوسراون و تۆش هەر لە خۆتەوە ڕازیت... پەڕەی یەکەمی دەفتەری بیرکاری و کوردی و عەرەبی و بەرگی مەلزەمەی ئاینەکەم بە خەتێکی شێواو کەپێم وابوو بەفارسی نوسیومە شیعرێکی خیام بوو، لەسەر گۆڕی پیاوێکی نەخۆش نوسرابوو بە ئەدرەسی گۆڕەکەدا دیاربوو کە 58 ساڵ ژیاوە و دواتر بەنەخۆشیەکی درێژخایەن مردووە... من تا ئەوکات وامدەزانی نەخۆشی درێژخایەن تەنها زانستی پزیشکی پەی پێدەبات و هەرئەویشە دەتوونێ بەربەست لەبەردەم تەشەنەکردنیدا دروست بکات و ڕێگری لێ بکات و نەهێڵێ ژیان دووچاری مەترسی بکات بەڵام ئێستا شتێکی تر دەزانم، شتێک تەواو جیاواز لە تێگەیشتنی ئەوکاتەی من.. بەڕاستی نەخۆشی درێژخایەن تەنیا ئەو ئازارە نییە کە گورچیلەکانی مرۆ دەڕزێنێ یان بەردەوام مرۆ دەخاتە جۆلانەی تەوژمی بەرز و نزمی خوێنەوە یان هەرشتێکی تری هاوشێوە.

بەبڕوای من جۆرێکی تریش لە نەخۆشی درێژخایەن ئەوەیە کەتامردن چاوەڕوانی خۆشەویستەکەت بکەیت بگەڕێتەوە یان تا مردن چاوەڕوانی هاتنەوەی دایکت بکەیت کە لە شەوێکی بەهاری 1991 دا لە



www.pertwk.com



سەریەکێک لەمەرزەکان و لەنێو سەفەری نیشتمانێک بۆسەرسنوری داگیرکراوی خۆی و لەبەردەم هەزاران باڵندەی خوساوی بەربارانـدا مردبێت، نەخۆشی درێژخایەن نەخۆشیەکە مردنیش ناتوانێ ئازارەکانی بڕەوێنێتەوە مردنیش ناتوانێ تیماری بکات بۆیە خوداش حەقی نیە بەسەریەوە و هیچ مامەڵەیەکی لەگەڵدا پێ ناکرێ چونکە ئەوەی مردن دەیکات واتە خودا کردویەتی و ئەوەی مردنیش پێی نەکرێ واتە خوداش پێی نەکراوە... بەبڕوای من تەنها شتێک کەتوانی مانایەکی تر بداتە مردن تێڕامان بوو لە هێزی مردن خۆی کە تێڕامان تەنها ئیشی هونەری کارەکانە.

من و هاوڕێکانم یەکی چەند دەفتەرێکمان هەبوو کە پڕبوون لەو دواین شیعرانە و دواجاریش بەبێ ئەوەی ئاگاداربین هەر پێنجمان موعجیزەی شیعرنوسین لەپەنجەکانمان ڕووا... هێندەی ئاگاداربم تا ئەم دواییەش هەر پێنجمان سەرەتەقەمان لەگەڵ شیعردا مابوو.

ئەو شیعرانەی کە شعوری مرۆڤ دەجوڵێنن بەشێکن لەو شیعرە پوختانەی سەر گۆڕەکان بەڵام کاتێک لەنێو گۆڕستانەکاندا بیان خوێنیتەوە، چونکە ئەو شیعرانە دەرئەنجامی گەڕانێکی دڵسۆزانەن لەلایەن دۆستانی مردووەکانەوە. مرۆڤ هەرچی هەیە دەیداتە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرکەسێک و هەرشتێک بەمەرجێک ناچاری نیگەرانی مەرگی عەزیزەکانی نەبێت.

لەوانەیە من بۆ مەرگی هەریەکێ لە هاورێکانم چەند شتێک بنوسم، بێ گومان لەنێو کۆمەڵێک دێردا چەند دێرێک نوسینی جوان هەیە، بەڵام هەرگیز ئامادەنیم بڕوابکەم کە تۆش وەک مرۆڤ دەمریت.... چونکە هیچ کات لەئەفسانەیەکی جوان کەدەکرا ببیتە حەقیقەت کەمتر سەیرم نەکردوویت.... تۆ لەپەنجەرەکەوە سەیری ئاوابونت دەکرد و منیش وەک ئاوابوون لەسەیرکردنتدا پیر بووم... بیرمە کاتێک هەستت کرد کە چاوم لەسەیر کردنتدا وەک دەریا وایە بەرامبەر بە ئاسمان، لەوە ئەچوو تورە بی.... ئەتوت مناڵێک بەردی گرتووەتە شوشەی پەنجەرەکەت و شکاندویەتی، ئاوا وەڵامی ئەو هەموو پرسیار و گومانانەت دایەوە کەلە ڕۆحم ئەچۆڕان.

من یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەمم بیرناچێ و یەکەمین جاریش کەبەو جۆرە شعورم بیمار بووبێ و کەوتبێتە هاوارکردن بەوێنەی دەریایەکی هەڵچووی پڕ لە زریان.... ئێوارەبوو، کاتێک خۆر لە حزووری جوانیەکانتدا ئاوادەبوو و منیش لەبەرامبەر پەنجەرەکەتدا ڕاوەستابووم.... سەیرم دەکردی.

زۆر سەیرە، هەرکەسێکم ناسیبێ وەک پێویست لەبەختی خۆی ڕازی نەبووە، بریا تۆشم بەو جۆرە

www.pertwk.com



سەراب لە ئێوارەکانی غوربەت

بناسیایە، بەڵام شایەدا تۆ وانەبی چونکە من واهەست دەکەم هەموو ئەوانەی لەبەختی خۆیان ڕازی نین ئاشناو ناسیاوی منن.

تا زیاتر ئاسمان تاریک دەبوو تۆش زیاتر وێنەی پەریەکانت نیشان دەداو منیش بەخێراییەکی زۆرتر کات و شوێن و قسەکردنم بیردەچوویەوە.... بەجۆرێک تەنها دەمتوانی بتبینم تەنانەت دوای ئەوەی کە پەنجەرەکەشت بەجێ هێشت بوو نەمدەتوانی بگەڕێمەوە بۆ نێو خۆم وەک شتێک ئەوکات و هەندێ جاری دیش کە بینیومیت پڕبووم لە ئارەزووی سەفەرکردن سەفەرێک کەتا ئێستاش نازانم بەرەو کوێیە... بەرەو ناخی خۆم، یان بەرەو دونیای تۆ، یان ڕووە و ئاسمان، یان سەفەرێک بەبێ ئەوەی بەهیچ ڕێگایەکدا بڕۆی!؟.... نازانم.

ئەوساتە وەختە وەک شتێک من لەوێ نەبووم و تەنها جەستەم ئامادەبوو.... من ئەوساو ئێستاش و دڵنیام تا دەمرم ئارەزوو دەکەم بتوانم لەکاتی بینینتدا وەک خۆم لەو جێگەیەدا ئامادەبم بەڵام جەخار کە هەرگیز نەمتوانیوە.... نازانم دوای تێپەڕینی چەندێک لە کات کە گەڕامەوە بەرەو ماڵەوە، زۆر شتم ناسی کە پێشتر ئاشنایان نەبووبووم....

تۆ وەک تاقگە لەبەرزایی ئاسمانەوە ڕژایتە نێو دنیای منەوە، هەموو ساتەکانم پڕبوون لەتۆ.... خەونەکانم،




PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵسوکەوتم، قسەم، ڕەنگم.... هیچ شتێکم نەما کە تایبەت بێت بە خۆم، هەموویم دایە تۆ.... نا من نەمدایتێ و خۆشت داوات نەکردبوو.... لەوانەیە بەبێ ئەوەی ئاگاداربم یان بەبێ پێویستی بوون بەئاگایی شتە ڕەهاکەی ناخم هەمووی دابوو بە شتە ڕەهاکەی تۆ و تۆش بێباک لەهەموو شتێ هەر نەت ویست بەم نهێنییە نائاگاییەت بزانی و سیفا و تێڕامان لەمانەو لەم موعجیزەیە بەجێماوە بۆ من...... بەهەرحاڵ کە ئێستا هەمووی لای تۆن و من هیچ شتێکم نەماوە کە هی خۆم بێت.











PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**تا ئەو شوێنەی پێمان دەکرێ باوابین کەدەبێ بـــــبین، بـــــەلاّم هەرچـــــــۆنێک بووین....باڕاستگۆبین.....**

## شەوی یەکەم

لەوانەیـە لەشـەوێکی وەک ئـەو شـەوەدا زۆر شتم تاقی کردبێتەوە.... یەکەم شەو کە تابەیانی بیرم لەشتێک دەکردەوە.... ئەو شەوەی کە دەروازەکانی خودام گوڵ باران کردن و نەکرانەوە.... ئەو شەوەی سەرسام لەقوڵایی ئاسمان و لەبۆشایی ڕامابووم.... ئەو شەوەی کە من بەچەشنی دەریا شەپۆلم ئەدا و هەڵدەچـــــووم و ئارامدەبووەمـــــەوە و دووبـــــارە دەگەیشتمەوە ئازاری هەڵچوونە بێ سنوورەکانی عاتیفەم و تۆش ئارامتر لەشەوە زەنگ لەنێو خەوێکی ئارامتردا پشوت دەدا.... چەندە جیاوازبووین من بەو جۆرە لەنێو گومان و پرسیاردا خەوم لە ژوورەکەم دەکردە دەرەوە و تۆش بەو جۆرە نوستبوویت.... ئەو شەوە پڕ دەستت بوو لە غروور، تەنها جارێک لە خەو ڕانەپەڕیت، بەنێو ئەو هەموو ڕەنگانەدا هاتیت و





کەچی ئاوڕێکت لەمەرگی گەلاّ نەدایەوە، تۆ پڕبوویت لە غروور و منیش دەبوو منالاّنە بمردمایە.

چەند ئەستەمە بیرکردنەوە لە شتێکی حەتمی بگرە زیاتر بێ بایەخ و بێ ئەنجامە... بەلاّم ئەوە من بووم مانام دایە هەموو نیگا بیمارەکانی خۆم و ڕێگەم ئەدا تا لەبوونی تۆدا ژیانم خۆش بوێت، خۆشەویستی لەسەردەمی ئێمەو لە کلتوری ئێمەدا پێناسەیەکی هێند ئاڵۆز نەبوو کەمن بەدیاریەوە ڕۆژم دەکردەوە، بەڕاستی دەمتوانی ئەو شەوە و شەوانی دواتریش بەئارامی بنوستمایە، بەبێ بیرکردنەوە لە تەنها شتێک کە ڕەنگە ئەوەندە بایەخدار نەبێت لەنێو کلدانی ئێمە وەک و نەتەوەیەکی دەست بەستراو بەرامبەر دەستکاری کردن و بەزاندنی هێڵە سوورەکانی ئەو یاساو ئایەت و شەرعیەتانەی کە لە پیاوگەلێکەوە بۆمان دیاری کراوە و ئەمرۆ زۆر زەحمەتە بتوانین ناوو پیشەو پلەیان بناسین و کە ڕەنگە هیچ کات وابەبیریاندا نەهاتبێ بەم چەشنەو تا ئەم زەمەنە ڕێز لە هێڵە سور و یاساو سنورەکانیان بگیرێ.

ڕۆژ نابێتەوە و منیش لەبەردەم تاریکی و توڕەیی ئاسماندا جارێک شادمانم بەبوونت جارێک لێوان لێودەبم لەگومان و خۆم لە پرسیارگەلێکی وەک... ڕەنگە ئەو هەرگیز نەیەوێت منی خۆش بوێت یان لەوانەیە ئەو هەمان ئەم هەستەی منی بۆ کوڕێکی تر



www.pertwk.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەبێت، ئەو گومانەی کە لە کۆتایی ساتەکانی شەودا وەک پایز پڕی دەکردم لەتەرمی ئومێد و ئاوات ئەوەبوو، دەترسام.... وامدەزانی ئیتر قەت ناتبینمەوە، بەڵام بینینەوەی تۆ بۆمن هیچی لە نەدیتنت زیاتر و کەمتر نەبوو.

هەرکاتێک ئەت بینم پڕدەبم لە سۆز و عەشقێکی خودایی و بەو حاڵەش ئازار چەشتەم و لەدووریشتا وەک ئاوێکی مردوو و بێ جوڵە.... مەنگ مەنگ بە ئومێدی دیتنت دەژیم.... بینین و نەبینینت هەر بریندار بوونمە.

یەکەمین شەوی تەمەنم بوو کەنەچوومە جێگەی نوستنەوە و لەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە لەتاریک بوون و چڕبوونەوەی ئاسمان ڕامابووم و بەبێ ئەوەی ئاگام لەکات بێت بەبێ ماندوو بوون هێندە وێنەکانتم هێنانەوە پێش چاوم، هەر لەو شەوەوە هەموو شتەکان ڕەنگی تۆیان گرت......

ئەو شەوە ئارەزوویەکی سەیرم هەبوو بۆ گریان بەڵام نەە...... پێویست بوو زیاتر بیرت لێ بکەمەوە.....

دواجار لەبەردەم بیرکردنەوەکانمدا دووچاری داڕمان و شکستی هاتم و بەناچاری دەستم دەدا بەیەکدا و شەرم بەخۆم دەفرۆشت...... تەنها بۆ ئەوەی کە گریانم بیرچێتەوە، چونکە وامئەزانی گەر یەک جار ڕێگە بدەم بگریم بۆ هەتا هەتایە ناتبینمەوە لەبەر



www.pertwk.com



ئەوەی بەر لە مردنی باوکم بیرمە شەوێک هێندە بیرم دەکرد گریام و ئیتر هەرگیز نەمبینییەوە.

نەگریام..... مرۆڤ گەر لەکاتی خۆیدا نەگری ئیتر بۆ هەتا هەتایە ئەو فرمێسکە لە چاویدا دەمێنێتەوە و هیچ هێزێک کۆتایی بە مانەوەی ناهێنێ..... ئەگەر سەیری چاوی من بکەیت بەئاشکرا ئەو شیعرانە دەخوێنیتەوە کەوەک فرمێسک بۆ هەتا هەتایە دیارن.... ئەگەر سەیری چاوی من بکەیت ئەو فرمێسکانە دەبینی کە ئەو شەوە لەبەردەم وێنە خەیاڵیەکانتا نەڕژان و لەوشەوەوە بۆ هەتا هەتایە وەک شاهیدی حەقێک لەویادان.

من هەرگیز ناتوانم ئەو شەوەم بیربچێتەوە، چونکە هەر هیچ نەبێ یەکەم جار بوو کە لەنێو تاریکیدا لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بەدەنگی پیاوێکی پیر گوێم لەبانگی بەیانی بوو.... بەڕاستی ئەو شەوە هیچ شتێ نەیتوانی لەبیرکردنەوە و خەیاڵاتما دەرت بهێنێ جگە لەو دەنگە گەورەو گڕو ناخۆشەی ئەو پیرە مێردە لەخواترساوە... کەوەک وابێ تۆ لەنێو خەوێکی ئارامدابیت و یەکێ تەنەکەیەک بکات بەسەرتداو بەقایمی بەشتێکی ڕەق بکێشێت بەتەنەکەکەدا.......

لەدوای بانگی بەیانی چوومەوە نێو دنیای خۆم و هەستم بەوە دەکرد کە خودا ئاگاداری بێ داریی و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بیرکردنەوە و هەموو شاکەشاک و ورتە ورتەکانم بووە.

بەخۆمم دەووت:

ڕەنگە خودا لەگەڵمدا کۆک نەبێت، چونکە شتێکی وەک ئەمەی کەئێستا هەمە وادەکات مرۆڤ کەمتر خودای بیربێت و کەمتریش بۆی بژی چونکە تا ئێستا هیچ شەوێک من لەسەرسامیم بۆ خودی خودا بێ دارنەبووم. بەڵام وەک چۆن هیچ کات زەرورپەتی باشی پەیوەندی خۆم و خودام لا گرنگ نەبووە و پێشم وانییە کە ئەوەندە گرنگ بێت، ئەو کاتەش هەرئاواو بەدەم خۆمەوە ووتم: من تەنهام لەگەڵ خۆمدام نەک لەگەڵ خودادا... ئەگەر من بەرلەمە لەگەڵ خودایا دووشتی هاوکۆک بووینایە ئەوا ئێستا پێویستی نەدەکرد بۆ بەرتەسکی سنووری دەستەڵاتەکانم بەسەر ژیاندا لەبیرکردنەوە و بێ داریدابم چونکە بەڕاستی پێویستی نەدەکرد.

لەکۆتایی تاریکیدا زانیم کەدەبێت شتێک بکەم.... یان لەبیری خۆمت بەرمەوە یان ئەوەی کە لەلای من دروست بووە وەک خۆی پێتی بڵێم.. هەریەک لەم دوو ڕێگەیە وەک یەک زەحمەت بوون کە من.... تەنها من و بەبێ یارمەتی دایکم و هاوڕێکانم ئەنجامی بدەم.



www.pertwk.com



ئێستاش نازانم کە ئایا من تۆم خۆشەویست؟ یان وەک شتێک کەلەدەسەڵاتی خۆمدا نەبوو، دەبوو من تۆم ئابەو جۆرە بناسیایە.. بوونی تۆ پڕبوو لە مانا بۆ ژیانی من، بەڵام بەداخەوە من نەمتوانی هیچ مانایەک ببەخشمە ئەو نیگا پڕ لە کچێنیانەی تۆ.

هەتاو کەوتە یاری کردن لەگەڵ هەناسەکانی بەیانیدا..... بەیانیەکی سارد بوو.

لە ژیانی مندا زۆر بەیانی سارد هەبووە، وەک ئەو بەیانیەی کە باوکم شەهید کرابوو یان ئەو بەیانیەی کە شەش بەیانی بەسەر مردنی دایکمدا تێپەڕی کردبوو وەمنیش بۆ ئەوەی بەدایکم بڵێم هێندە تەنهام بۆ دەرباز بوونم لەم تەنهاییە پێویستیم بە تەنهایی زیاترە، قەفەسی کەناریەکانم بردە سەربان و هەموو کەناریەکانم لە سیساندا ڕووەو شاری سابات و دونیای مردن ئازاد کرد و تاکە کەناریەکەم نەبێ کەتایبەت بوو لام، ئەو کەناریەم هەمان بەیانی ڕووە و ماڵی ئێوە ئازاد کرد.. بەڵام هەندێ لە کەناریەکانم تا چەند ڕۆژێکیش هەر لە حەوشەو سەربانی ماڵەکەمدا بوون پاشان دیار نەمان..... بەهەرحاڵ ڕووناکی وەک فەرش بەسەر تاریکیدا ڕاخرا، هۆڕینی سەیارەکان و دەنگی ئەو منداڵانەی کەسەموونیان دەفرۆشت ئاشکرایان کرد بەیانیەو ئیدی لەخەو هەستن، بەڵام خۆمن نەخەوتبووم تا لەخەو هەستم.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com





www.pertwk.com

سەراب لە ئێوارەکانی غوربەت

بۆئەوەی لە تەنیایی دەربازبین،

**پێویستیمان بەتەنیایی زیاترە......**

## نامەی یەکەم ....

**هەرگیز ناتوانم بتگێڕمەوە...... لەبەردەم یادکردنەوە کانتدا تەنها دەتوانم وێنەکانت بهێنمەوە نێو هەستەکانی خۆم، تا خودا موعجیزەیەک نەخاتە بەردەم تێکەڵ بوونم بەجوانیەکانت ناتوانم لەو جیهانەی کە پڕە لەوێنەو مۆسیقاو ڕەنگی تۆ بەئاگابێمەوە بۆسەرشەقام و نێو ژیانی ئاسایی.... ڕەنگە ڕۆژێک هەر لەوێ و لەنێو ڕابردوومدا کە یەکپارچە تۆیت، بمرم... کاتێک ئەم نوسینەت بۆ دەنوسم بەو ئومێدەم بەردەستی خوێندنەوەت بکەوێ و بزانی کەبۆتۆ نوسراون، بەلاّم دڵنیا نیم..... خۆزگە وادەبوو.**

**وابزانم ئەوشتەی دەبێتە بەربەست لەبەردەم گێڕانەوەی تۆدا یان ئەوشتەی کە هێزی گێڕانەوەت وەک چیرۆکێک لەمندا دەتاسێنێ، ئەو گومان و دوو دڵیانەمە کەلەسەرەتای بینینتەوە هەموو هەستەکانی دەربڕینیان تەنیووم.... ئێستاش، پاش سالاّنێک لەیەکەمین بینینت، هەروام..... هەندێ جار بەڕەوای**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەزانم بۆخۆم کە گومان بکەم چونکە دڵنیام ئەوەی کە تۆ نایناسیت منم!!! ئەوەی کە هەرگیز گوێت لێی نەبووە منم.. چونکە من نەمتوانی بەزمانی ئاخافتن لەگەڵتا بدوێم.... ئەوەی کە من قسەم پێ کرد لەگەڵ تۆدا زمانێک بوو لە بێدەنگی..... زمانێک کە هێماکان دەبوونە واتاو ڕووخساری تیادا دەخوێندرایەوە..... زمانێک کەتەنیا زمانێکە بۆ قسەکردن لەگەڵ خودا و جوانیدا.... زمانی هاوبەشی شەقام و بەیانیە.... زمانی هاوبەشی پایز و گەڵاو شیعر و ئێوارە و بارانە.... زمانی بێدەنگی تەنیا زمانێکە کەدەکرێ بەبێ بوونی هیچ زانستێکی تێگەیشتن لەزمان و ئاخاوتن، بەکاری بهێنین و لەگەڵ دەوروبەردا قسەی پێ بکەین..... لەگەڵ ئێوارەدا پێی بدوێین...... سەیری ڕۆحی پایز بکەین لەجەستەی ڕووتی درەختێکداو گوێ لە پایز بگرین... لە زمانی باران خۆیەوە نهێنی ئاسمان و زەوی ببیستین..... زمانی بێدەنگی لە ڕۆحی هەمووانیدا هەیە، چونکە زمانی ئاخافتنی ڕۆحەکانە لەگەڵ یەکدا و لەگەڵ خودادا..... ئەوانەی کە دەتوانن لە ئێستادا، کەلەژیانی تێکەڵی ڕۆح و جەستەدان بەزمانی بێدەنگی بدوێن و ببیستن..... دەبێ چەند جارێک بەنێو نهێنیەکانی خۆیاندا سەفەریان کردبێت و تا سنووری دڵنیابوون گەیشتبێتن لەو نهێنیەی کەلەناخیاندایە و



www.pertwk.com



پێشتر تەنها لێی دواون و لەنێوان گومان و یەقیندا بوون بۆی..... لەوانەشە بتوانین وانەکەین و کارەکەش ئەنجام بدەین یان بەڕێگەیەکی تر بگەینە حاڵی بوون لەبێدەنگی.. زمانی بێدەنگی دەبێ بەچاو ببیستی و بەهەموو تواناتەوە وەڵام بدەیتەوە..... دەبێ هەموو لەشت و ڕۆحت و چواردەورت بەشەقام و درەخت و ماڵ و دیوارەکانەوە، وەڵام بدەنەوە و هەندێ جاریش کارەکە پێچەوانە دەبێتەوە و دەبێ بە هەموو تواناتەوە و بەهەموو شتەکان هەوڵ بدەی لەبەرامبەرەکەت تێبگەی کەتەنها بێدەنگی و چەند تابلۆیەکت نیشان دەدات..... من نەمتوانی ئەو پەیامەی کەلە ئێوارەیەکدا بووە پەیامی عەشق و ئەڤینی من بەزمانی ئاسایی دەری ببڕم بڕواناکەم هەرگیز بتوانم وەک تابلۆیەک وێنەت بکێشم....

(پێم ووتی ئەم تەلیسمە بکەرەوە، دەنا ئەمکوژێ، بەر لەهەموو شتێک مەڕۆ، زۆر شت هەن ئەبێت تۆ گوێیان لێ بگریت. پێم ووتی خۆشم ئەوێیت... ووتت هانێ.. ئەمە ژمارەی تەلەفونەکەمە..!!) سەیری ئەو ناعەدالەتیە.... ئاخر کەی ئەوەی لە مندا دروست بوو بوو ئەمەبوو..... من جگە لەخۆشویستن هەستم بەشتی تریش کردبوو..... شتانێک کەتەنها زمانی بێدەنگی دەتوانێ بیبیستێ وبیڵێ..... بەڕاستی ڕۆژی بچووک بوونەوەی هەستەکانم ئەو نیوەڕۆیە بوو،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـەڵام ئەسـەف..... هـەزاران جـار بەداخـەوە کـەتۆ
لەزمانی ئاسمان و درەخت و ئێوارەو بەیانی و پایز و
بەفر و ئاگر و شەقام تێنەدەگەیشتی..... پێکـەنینت
پێـدەهات کەلـەژێر بارانـدا وەک ڕۆیشـتن بەسـەر
شووشـــەدا دەڕۆیشـــتم..... پێکـــەنینت ئـــەهات
کەچـەترەکەم کردبـووە شـاکۆن و بـەنێو بارانـدا
تـەڕدەبووم...... هاوڕێکـانم پێڵاوەکانیـان دەگـرت
بەدەستیانەوە و لـە سێڵاوەکە دەپەڕینـەوە و منـیش
وەک بەنێو گووڵەجاڕی باخێکدا بڕۆم....

من ناتوانم پاک بوونەوەم هەڵگرم بۆ خودا و ئەمـەوێ
وەرزەکـانم پـاکم بکەنـەوە..... ئەمـەوێ بـاران
گوناهەکانم لێ بکاتەوە..... ئەمەوێ شەوە ساردەکان
تۆڵەی ئەو منالانەم لێ بکەنەوە کە حەزدەکەن یاری
بکەن و قاچیان نیەو دەستیان نییە و باوکیان نییە و بێ
دایکن..... ئەمـەوێ گۆرانی و مۆسیقاکان تۆڵـەی ئـەو
مرۆڤانـەم لێ بکەنـەوە کـە مـن ئـەژیم و ئـەوانیش
لەشـوێنێکی ئـەم سـەرزەمینەدا ئـەکوژرێن و لەبرسـا
دەمـرن و هـیلاکن یـان بەرلـەوەی کـە پێبکـەنن مـردن
ژیانیـان لێ وون دەکـات، دەمـەوێ بـەر لـەوەی خـودا
شەڕی پاکبوونەوەم لەگەڵدا بکات، خۆم لەگەڵ خۆمدا
بیکـەم. هەنـدێ جار بـۆ ئـەوەی پـاک ببمـەوە شـیعر
دەنوسم یان ئەوەی دەبێ بۆ پاک بوونەوەم بیڵێم،
لەیەکێک لەشەقامەکانی شاردا و لـەتاریکی شـەودا کـە


www.pertwk.com



تەنها هێزی لێبووردنی لێیە.... هاواردەکەم و دەیڵێم
و دەیڵێمـەوە..... زۆرجـار کـەناوت ئـەهێنم هەسـت
بـەپاک بوونـەوەم ئەکـەم... هەنـدێ جـار بـۆ پـاک
بوونەوەم گۆرانی دەڵێم تا ئەوکاتەی کە توانای وورتە
وورتیشم نامێنێ یان هێندە ڕادەکەم تا لەماندوێتیدا
لەسـەر شـەقامەکان خـەوم لێ دەکـەوێ یـان بێـدەنگ
بێـدەنگ چـەند ڕۆژێـک لەژوورەکەمـدا خـۆم دیـل
دەکەم.......

کاتێـک هەسـت بـەتاوان دەکـەم بـۆ پـاک بوونـەوەم
بیرلەشـتێک دەکەمـەوە کـە ویـژدانم پێـی ئاسـوودە
بێـت..... لەوانەیـە بتخەمـە پێکـەنین هەنـدێ جـار
کەهەســت بــەتاوانباربوونم دەکــەم هێنــدە ئــاو
دەخۆمـەوە کـە خەریکـە لـەهۆش خـۆم دەچم یـان بـۆ
ماوەیـەکی کـەم کـەمتر بـۆ مـردن هەناسـە نادەم یان
خۆم برسی دەکـەم یان زیادەخۆری دەکـەم.... ئیـدی
شتێک دەکەم تا دڵنیابم لەپاک بوونەوە م و بەلامەوە
گـرنگ نیـە ئـەو هەوڵـە تاچـەند کـارێکی عاقڵانـەو
دروســـتە...... گـــرنگ ئەوەیـــە وەک منـــاڵیم
بمێنمـەوە..... بـەڵام بەداخـەوە لەوانەیـە لەسـاتێکدا
ببمـــە دەریـــای نـــا ئاســـوودەگی لەبـــەردەم
گوناهەکانمـدا..... تـۆ زۆر شـتی جوانـت فێـر کـردم،
فێـرت کـردم هەنـدێ شـتی خـۆمم هـەبێت، کۆمەڵـە
شتێک کەهەموو کەسێک ناتوانێت هەیبێت.... فێرت


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردم کەمانای جیاواز بدەمە ژیان تالەم خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوونە بەردەوامەدا نەبمە سێبەری بەردەوامی دووبارە بوونەوە.... فێرت کردم وەک چۆن دەریا ماسیە نایابەکانی خۆی لەقوڵاییدا ئەشارێتەوە ئاوەها هەموو ئەو ساتانەی تەفسیرێکی تریان بۆتۆ دەبێت..... هەموو ئەومانایانەی کە جوانیەکی ترت ئەدۆزنەوە، هەموو ئەو جوانیانەی کەسەربەرەگەزی جوانیەکانی تۆن و خەنجەرێکی تر دەچەقێننە ئێسقانەکانی منەوە، هەموو ئەم هاوکێشەیە کەئەوسەری لەقوڵایی و ئەمسەری لە خوێنی مندایە لەنێو دەفتەرەکانی ئەبەدیەتمدا هەڵگرم تا بۆ هەتا هەتایە وەک ڕەهایی و مانەوەی خودا بمێنێتەوە..

ئاه، ئەبێ بۆنی هەناسەکانت چەندە خۆش بن.... خۆزگە نەمردمایەو بۆ یەکجاری دی چاوم بەو هەموو جوانی و ناسکی و غرورییەتە بکەو تایە کە پڕپڕ بوون لەوێنە جوانەکانی تۆ... چاوم بەو دنیا پڕ لە کچێنیەت بکەوتایە کەلەهیچ کام لەم کۆترە تەرەبووانەدا نی یە..... خۆزگە بەر لەکۆتایم دواین تابلۆ تۆ دەبوویت کەتا ئەوسەری سنووری مەرگ و ڕەهابوون لەگەڵ گومانەکانم و ترسەکانمدا دەمبرد...... خۆزگە یەکجاری تر ئەو چێژەم دەکرد کەلەدیتنی تۆدا پێی ئاشنا دەبووم..... خودایە ئەم داوایەم لەتۆ دەوێ......

www.pertwk.com



سەراب لە ئێوارەکانی غوربەت

ئەبێ چێژی یەکەم فڕین لای باڵدارەکان چۆن بێت؟ ئەبێت کاتێک لە ئاسماندان و سەیری پیادەو شەقام و باخچەو درەختەکان دەکەن توشی چ هەستێک بن؟ ڕەنگە تەنها خۆرئاوابوون لەسنگی ئاسمانیان بکاتەوە..... ئەگەر وابێ ئەوا تۆ ئاسمانی ئەم باڵدارەیت.... تۆ ئەو ئاسمانەیت کەپڕ بەژیان بەئومێدی هاتنت ئەژیام، نەهاتی... کەدەهاتی دەرفەتی فڕینمت دەکردە قوربانی یەکێک لەجوانیە کانت..... هەرچەندە تۆ شایەنی گلەیی نیت، بەڵام پێم وایە کە خۆشت دیلی جوانیەکانی خۆتی...

چەندە تامەزرۆبووم و ئێستاش چەندە بەحەسرەتەوەم بۆ لەئامێز گرتنت بەڵام پێم وانیە ئامێزی ئەم هەستە بیمارەی من بۆ تۆ شارێک بێت لەوەی کە دەشێت پێی ڕازی بیت، چونکە من کوڕێک بووم هەمیشە لەئازاردا..... لەئازاری کۆترە پڕ لە میهر و پەرواکەی دایکمدا.

باوکم پیاوێک بوو هێندەی ئاسمان لەئەوینی دایکم تێیدا شەپۆلی ئەداو هەموو جارێک کەبەیەکەوە دادەنیشتن و سەیری یەکتریان دەکرد و ئەدوان.... چاویان پڕدەبوو لە فرمێسک و دڵیان پڕدەبوو لە گریان و قسەکردنیان تەواو دژواردەبوو وەک شتێک کەبزانن ڕۆژێک دێت کە تەنهاو تەنها دووچاری ژیان دەبنەوە..... دەیانزانی کە ڕۆژانێک پڕلەخۆشەویستی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و پــڕ لــە تاســەی دیــدار بــەڵام دوور لەیــەکتری و لەئەمبــەرو ئەوبــەری ســنووری ژیانــەوە دەســت بــۆ یەکتری ڕادەکێشـن. بەڕاستی ژیـان خـۆش نیـە، ئـەوە ئێمــەی مــرۆڤین کــە دەبــێ چــێژی لێ وەربگــرین و ناخۆشیەکانیش وەک بۆنکردنی گوڵێکی لێ بکەین.... بیرمە دواین نامەی باوکم کە چەند ڕۆژێک بەر لە شەهید بوونی درابوو بەدایکم و وەک مۆسیقایەکی پایزانــە لــەنێو دەنگــی دایکمــدا دەبیســترا.... مــن ئــەوکات نامەکــەم نەخوێندبوویــەوە، بــەڵام چــەند ئێوارەیــەک دوای مردنــی دایکــم بڕیارمــدا بچــمە ژوورەکەیــەوە و ســەیری وێنــە و یادگــاری و جێگــەی دواین نوستنی بکەم.

لەنێو نامەکاندا چەند نامەیەک بەجیا هەڵگیرابوون و لەنێو ئەوانەدا چەند نامەیەکی زەمەنی دڵداری خۆی و باوکم بوون و نامەیەکیشیان لەسەر بەرگەکەی بە خەتی دایکم نوسرابوو کۆتاین نامە...... حەزم دەکرد نەیخوێنمەوە، بەڵام سەرەتا وانووسرابوو:

(دوێنــێ شــەو خــەوم پێــوە بینیــت... حــەزیش ناکــەم لەخەویشــدا بەخــەمباری بتبیــنم... تــۆ نابێــت خــەمبار بیت وەک چۆن نـابێ هەرگیز نەخۆش بیـت.... ئاخر تۆ کەسێک نیت کەبەرگەی نەخۆشی و خەم بگریـت.. مەبەسـتم ئەوەنییــە کــە لاوازیــت... بــەڵکو تــۆ لــەوە





بــەهێزتریت کــە خــەم و نەخۆشــی و چــاوەڕوانی بــێ ئارامت بکات.

هیچکات دڵگرانـی حـاڵی مـن مەبـە دڵنیابـە هەمیشـە لەوە باشـترم کـەتۆ بـەبیرتا دێـت، دووبەیانیـە لەبـەر خاتری داواکەی تۆ زووتر لەخەو هەڵدەستم و نوێژی بـەیانی دەکـەم، خـۆت دەزانـی ڕۆژوو گـرتن لێـرە بـۆ ئێمە کارێکی ئاسان نیـە بۆیـە وەک خـۆت نووسیووتە ئەوەیان بۆ ساڵی ئایندە.... دوای ئـەوەی کـە شـۆڕش سـەردەکەوێت و ئـیتر منـیش بـۆ هـەتا هەتایـە لێـت دوور ناکەومــەوە بەخۆشەویســتیت دەســپێرم..... ئاگـــات لەشـــاهیدی ئەوینەکـــەت بێـــت لـــەکورە تاقانەکــەی مــن ئەوتــەنها دیــاری هەردوکمانــە بــۆ زەمەن.....خوات لەگەڵ).

کـەژیان دیاریـەکمان بـۆ دێنـێ هەرچیەک بێـت دەبـێ بـێ چـەند و چـوون قبووڵمـان بێـت، چـونکە نـاتوانین هیچکات بڕیارەکـانی ژیـان ڕەت بکەینـەوە، مـن پـێم وایـە ئێمـە ئـەو جـەبر زانانـەین کـە حیکمـەتی بوونمان ئەوەیە هاوکێشەکانی ژیان هاوسەنگ بکەین و ئەگـەر شـــایەنی هاوســـەنگ بـــوون نـــەبوو ئـــەوا دەبێـــت بـــەجۆرێک لـــەجۆرەکان شـــیکاری بکـــەین ئەگەرچـــی ئەنجامەکەشی لەگەڵ ویستی ئێمەدا نەیەتەوە.

ڕەنگـە ئـەوینی تـۆش هـەروا بێـت، چـونکە چاوەڕوانی ڕازی بـوون نـەبوو. ئـەوینی ڕاسـتەقینە شـتێک نییـە



www.pertwk.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەوشتانەی کە دەتوانی پێی ڕازی بیت یان پێی ڕازی نەبیت یان شتێک بیر لە ڕازی بوون یان ڕازی نەبوونی بکرێتەوە ئیدی ئەوەش دیاریەکی نێو یاریەکەی ژیانە و مردن لەپێناویدا شۆخییەکە لەگەڵ خودی ژیاندا، چونکە لێرەوە ئیدی هەمیشە زووتر لە وادەی خۆمان پیردەبین و زووتر لەکۆتایی ئەوژیانەی کە برینـدارمان دەکات لەهەمان کاتدا دەمانخاتە پێکەنین دێینە کۆتایی، بەڵام باشتر وایە چاوەڕێی کۆتایی نەکەین و لێگەڕێین تاخۆی دێت.

نازانم دایکم چۆن پێشوازی لە کۆتایی باوکم کرد؟ بەڵام هێندەم بیرماوە کە هەرگیز ئامادە نەبوو پێشوازی لە کۆتایی ئەوینەکەیان بکات و هەرکاتێک و لەهەر جێگەیەک شتێکی ببینیایە وەک باوکم یان وەک ئەوینەکەیان یان هەر شتێکی ببیستایە کەلەشتەکانی خۆیان بچوایە ئیتر وەک شاعیرێک کەپەنجەکانی دزرابێت پڕدەبوو لە زمان و لە ووشەو کەچی بێدەنگی دەکردە ووتن و هێندە بەنێو یادگارییەکانی خۆیدا ڕۆئەچوو بەوێنەی چیایەک ئەهاتە پێش چاو کەبیەوێت لەبەردەم دارمانـدا سەرکەشی خۆی نەدۆڕێنێت و چۆک بۆ دارمان دانەدات و سوور بێ لەسەر ئەوەی کە ئەڤین و عەشقی ئەو بۆ هاوپارچە موسافیرەکەی نایەتە کۆتایی..... من لەنێو خۆشەویستیدا لەدایک بووم و لەنێو خۆشەویستیشدا



سەراب لە ئێوارەکانی غوربەت

ژیام کەچی جارێک خۆشەویستی دەستی ئازارێکمی نەگرت و لەشەوێکی بێداریمدا دڵنەوایی لێ نەکردم و نەیتوانی جارێک دووباڵم پێببەخشێ بۆئەوەی چەند ساتێ لەنێو ئازارەکانی خۆمدا بێمە دەرەوە.





www.pertwk.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مرۆڤ بێدەنگ تر دەبێت لەتاریکی و قوڵایی ئاسمان کاتێک لەئێستادا ڕوودەکاتە ئاوێنەی ڕابردووی خۆی و لەودا تەنهایی ئێستاو داهاتووی دەبینێ.

## دووەم نامە ....

بەڕاستی بیرت ئەکەم..... وەک چۆن باخێکی تینووی بەر خۆرەتاوی هاوین تامەزرۆی بارانە، ئاوەها پڕبووم لە تاسە بۆ دیدارێکت. ئەمەوێ لێرەوە بگریم، چونکە هیوا دوورەو داوای چاوەڕوانیەکی بێ کۆتایی دەکات.... بەڕاستی زۆرسەختە کە مرۆ لەسەنگەرەکانی ژیاندا لەگەڵ شتێکی حەتمی دا بجەنگێت. مرۆ پێویستە جەنگ لەگەڵ سوپایەکدا بکات کە ئومێدی سەرکەوتنی هەبێت و سوپای بەرامبەریشی بەهیوای هەمان ئومێدبن.

بەرلەتۆ چەند جارێک بیری باوکمم کردووە و بیرکردنم بۆ زەمەنێک کە گەڕانەوەی وەک گەڕانەوەی ئاوی ڕووبارەکان وایە، هێندە ماندووی کردووم کە خەون ئارامی پێ بەخشیووم، بەڕاستی خەون بینین بەئاوەوە تاکە فریاد ڕەسی تینووترین



www.pertwk.com



ڕێبواری بیابانەکانە.... ئەو شەوانەی کە خەونت پێوە دەبینم ئاسوودەم، ئاسوودەم تالەخەو ڕادەبم و دواتر وەک یەکێ کە خۆی لێ وون بووبێ..بێ ئەوەی کە بزانم بۆ کوێ دەچم دەست دەکەم بەگەڕان بەنێو شەقام و کۆڵانەکاندا.

نامۆنیم بەو هەستەی کەلەنێو تامەزرۆیم بۆ بینینت و ترس لەدەرکەوتنت هەمیشە وەک ئاوێکی شڵەقاوی لێ کردووم... لەهەمووی سەیرتر لەلام ئەوەیە بەر لەهاتنە دەرەوەم لە ماڵ، دەچمە بەردەم ئاوێنەکەو بەخۆم دەڵێم: ئەمڕۆ ڕێگاکان دەچنەوە سەر یەک و قەدەر دەمانباتەوە بەردەم یەکتر..... ئەمڕۆ تەواوی هەسارەکان لەبەختی مندا بەتەوەرەکانیاندا دەسوڕێنەوە.... ئەمڕۆ جیاوازە و دڵنیابە و بەبێ ئومێد مەچۆرە دەرەوە تا بەبێ ئومێدی نەگەڕێیتەوە... بەڵام داخەکەم ڕۆژەکان هەروەک یەک بەتاڵ بوون لەئەو قەدەرەی کە ڕێگاکانی دەخستەوە سەر یەک و ڕۆژێکی نوێی دروست دەکرد.... بەداخارییەوە.

بیرکردنت شتێکە هەمیشە لەگەڵمدایە وەک چۆن دڵم لەسینەمدایەو هەمیشە و لەکاتی سەفەر و خەو و خەیاڵ و مەستیمدا لەگەڵمدایەو هەرگیز پێویستیم پێی کۆتایی نایەت و شتێکە لە هۆکارەکانی مانەوەم بەزیندوویەتی .... ئاوا بیرکردنت شتێک نییە بتوانم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێی هەڵبێم یان هەر شتێک نییە لەکاربردنی لە دەسەڵاتی لەناوبردنمدابێت .

زۆرجار لەخۆم بێزاربووم و حەزم كردووە خۆم لەیادبكەم بەڵام هەرگیز نەبووە یادكردنت بەچەشنێ بێ كە بێزارم بكات ، هەمیشە بیرت دەكەم من دڵنیام گەر وەک دوو ئاو تێكەڵی یەكتریش ببین ئەوكاتەش هەر بیرت دەكەم چونكە بیركردنت و غەریزەی بیركردنی تۆ لای من شتێک نییە تێر بكرێت و ئیمكان نییە بتوانرێت تێربكرێت .

زۆرجار بەدوای یەكەیەكەی ساتەكانی ڕابردوومدا بەنێو سێبەرە تاریكەكانی یادما دەگەڕێم ، هەموو ئەوكاتانەی كە نەمرییان لەخەیاڵدانی مندا نۆشیووە..... دێن و دەچن، ئەوان پڕپڕن لەتۆ بۆمن، زۆر شت هەن كە پڕن لەتۆ بۆ نموونە ڕەنگی مۆر یان گۆرانییەكانی داریوش یان ئێوارانی بەردەركی سەرا یان كۆڵانە ئاڵۆزەكانی كانێسكان ..... زۆر شت و زۆر شوێن و زۆر ئاواز هەن كەلەتۆ هەڵكێشراون ..... لەتۆ ، تۆیەک ڕەنگە ئیتر بۆ هەتا هەتایە تەنها بتوانم بیرت بكەم، بۆ هەتا هەتایە تەنها بتوانم بیرت بكەم و بەس . بیركردنی تۆ هێندە ئاسان نییە وەک خواردنەوەی بیرەیەک یان داگیرساندنی جگەرەیەک و كێشانی . بیركردنت زۆر شتی دەوێ چونكە زۆر شت دەكات. بیركردنت وەختی دەوێ...



www.pertwk.com



بێدەنگییەكی سامناكی دەوێ كەلە ڕۆحەوە سەرچاوە بگرێ و جەستەو ڕووخسار بكاتە ئێوارەیەكی زەردی پایز، گریانێكی دەوێ بەمەرجێ گریانی ڕۆح بێت و چاو پەی پێ نەبات ..... بیركردنت وەک وەرزێكە، لەچوار وەرزەكەی تر ناچێت. وەک وەرزی پێنجەم بەسەر باخەكانی مندا دێت و سەردەكات بەژوورە چۆڵەكانی ڕۆحمدا. بەبێ ئەوەی لە دەرگاكان بدات هەموو دەرگاكانی من دەكاتەوە و پەنجەرەكانم دەخاتە سەرپشت و دواجار لەیەكێک لەژوورەكانی خۆمدا دەمدۆزێتەوە .. ئاه چەندە نەفەسێكی سەیرە، وەک مردنی فریشتەیەک پڕە لەئارامی و هەندێ جاریش وەک زریانی شەوێكی تووڕە تا خوێن لە بێ دەنگیم نەهێنێ نامخواتەوە. تا لەبەردەم مردندا حەرامم نەكات نامكوژێت .

هەندێ جار گومان دەكەم و دەگەمە ئەوەی كە بیر كردنت نەخۆشییەكی دەروونی ئاڵۆزە و ئەگەر ئاواو بەم شێوەیە بیرت بكەم ڕەنگە شتێكی تر ڕوو بدات ...... بەڕاست، خۆمن هەرچی شوێنێک شک دەبەم گەڕاوم بەدواتا .... هەر شوێنێک بەبیرمدا هاتبێ چووم تا بتدۆزمەوە بەڵام لەهیچ جێگەیەكدا نەبوویت.... ڕەنگە بیرو تاسەی بیركردنت شتێكی سەیری خولقاندبێت .. بەبێ ئەوەی كە خۆم ئاگام لێی بێت، لەنێو خەیاڵ و بیركردنەوەكانی تۆدا بووبم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com





بـەتۆ . بۆنـا هەسـت دەکـەم وەک شـتێکی لـە نێـو منداڵیت چونکە کاتێک لەبەردەم ئاوێنەدا قوڵ لەخۆم ڕادەمێنم، هەست دەکەم لەتۆ ئەچم . هەست دەکەم ڕەنگی تـۆم گرتـووە. دەبـوو تـۆ دایکـم بوویتایـە، بریا دایکم دەبووی یان هەندێ جار کە لەگەڵ هاوەگیانـدا دەدوێـم هەسـت دەکـەم لـەبری تـۆ قسـەدەکەم یـان هەندێک جار تۆ لەبری من دێیتە ووتن.

هەندێ جار هەست دەکەم ئەوەی کە دەیڵێم زادەی بیروبـاوەڕی مـن نییـە بۆیـە بـێ دوو دڵـی ئـەڵێم تۆیـت چونکە کەسێک هـەبێت بتوانێـت بـەوجۆرە لـەبری مـن وەڵامبداتەوە و بپرسێ و دەم و چاوو زمانی مـن بـەکار بهێنێ ... تەنها تۆیت چونکە یادکردن و بیرکردنی بێ ئەندازە و بێ سنووری تـۆ دوور نییـە نـەبو بێتـە هـۆی کیمیاکارییەکی ڕۆحی پەتی .



www.pertwk.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**تەنها ڕاستگۆیی و سەرڕاستی ئەتوانێ مـــرۆڤ بەهـــەموو بەهاکانیـــەوە وەک خـــۆی بهێڵێتەوە ...**

## نامەی سێ یەم ...

کە ئەتگێڕمـەوە ئەبمـە وێنـەی ئـەو باڵـدارەی کـە تەنها خەونی فڕینەو دڵنیاشە کە نافڕێ تا نەمرێت . باسکردنت و گێڕانەوەت لە بیرکردنت ئەستەم ترە چـونکە تابلۆیــەک نیــت تــا شــێوەی هەمیشــەیت لەخەیاڵدانمدا بمێنێتـەوە بـەڵکو هەرکـەس جوان بێـت ئــەوە تۆیــت . ڕەنگدانــەوەی تــۆ لــەڕۆحی هــەموو جوانییەکانــدا هەیــە، بــڕوا ناکــەم مــرۆڤ بگاتــە کەنارەکانی تێربـوون لـەجوانی ، بەڕاستی مـرۆڤ جـوان پەرستێکی تاکە لەنێو ئەم گێتیـەدا. ئەو ئێوارەیەی کە بـەبێ ئـەوەی ڕەزامەنـدی لـەخۆم وەربگـرم یـان بـەبێ ئـەوەی ڕەزامەنـدی لـەتۆ وەربگـرم وەک دەنگـی دوو کەمانچـە یـان وەک گـۆرانی کەمانچـەیەک و ئـاوازی پیانۆیـەک یـان وەک دەنگـی تێکـەڵ کردنـی دوو ڕوبـار لەگـەڵ بێـدەنگی و تـاریکی شـەودا یـان وەک تێکـەڵ



www.pertwk.com



کردنـی دەنگـی ڕەشـەبای شـار و گۆرانییـەکانی کـەریم کابان .

وەک دوو شت کە چاوەڕوانی هیچ جۆرە بەرکـەوتن و تێکـەڵ بونێـک ناکـەن ئاوەها تێکـەڵی هـەموو شتەکانی من بوویت . خۆش ویستنت وەک ئەوەی سنگم لـەت کـات و بچـێتە خوێنمـەوە یـان ئـەوە هـەر خـۆم بـووم کەسەرجەم دەروازەکـانم لەبـەردەم هێـزی نغرۆ بـوون لەنێو خۆشویستنتدا کـردەوە ..... مـن بـووم ، هـەموو شتەکان لەسـەرەتاوە تـا ئەوسـەری بـوون مـن بـووم و هــەر منــیش دەبم . ئێوارەیــەک ئەمــە ڕویــدا وەک ئەوەی کەمانچـەیەک لەوسـەری دنیاوە دەنگی لەگـەڵ ئـاوازی کەمانچـەیەکی تـردا تێکـەڵ ببـێ کەلـەم سـەری دونیایە بـەبێ ئـەوەی بزانـێ لەشـوێنێکدا تێکـەڵ بوونی ئاوازەکەی بەدەنگی کپی کەمانچەیەکی تر ڕوویداوە .

ئێوارەیەک بەژێر ئاسمانێکی ماندوو داو بـەنێو دنیای سـادەی خۆمـدا و لەگـەڵ ئـاوازی گۆرانییـەکی عـەرەبی چـۆپیدا بـەرەو ماڵـەوە ئەڕۆیشـتم بـەبێ ئـەوەی بـزانم لـەکوێوە ئەڕۆمـەوە ..... بـەرەو ئـارامترین دۆزەخـی سەر زەمین دەچـووم ... بـەرەو ماڵـەوە .... گەڕانـەوە بـۆ ماڵــەوە گەڕانــەوەی بــەردەوام و ئاســایی بــۆلای تەنهاترین مێینەی مرۆڤ ... بۆ ماڵەوە چونکە هەمیشە هەستێکی میهرەبان بەبریندار بوونم چاوەڕێی دەکردم .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرکاتێک کە ئەگەڕامەوە ماڵەوە  دایکم پڕ بە ئامێزی لەباوەشی دەگرتم .... نا ..... وابزانم ئەوە من بووم کە باوەشم پیادا دەکرد چونکە لەئامێز گرتنەکانی دایکمدا بۆنی باوکمم دەکرد و ڕەنگە بۆ دایکیشم هەروا بووبێ . بەڵام ئەو درەنگ وەختەی کە هیچ هێزێک لەبیرم ناباتەوە بووە خاڵی سەرەتای گۆڕان . بووە ساتی تێکشکانی سوپاکانی قسە . ... . بووە سەرەتای زەمەنی فەرمانڕەوایی بێدەنگی. ئەو ئێوارە درەنگە بەنهێنی و بەبێ ئەوەی کەسمان ئاگادار بین من و دایکم بڕیارمان دابوو کە ئیدی کەسمان ئەوی دی لەئامێز نەگرێت. شەوهات و من چاوەڕوانیم نەکردبوو.. شەو ڕۆیشت و منیش بێ باک لەهات و چۆی زوڵمەت و کاڵ بوونەوەی تاریکی و ڕووناکی، لەگەڵ شتێکدا غەرق بوو بووم کەلەسەرەتاوە بەسەر باڵی گۆڕانییەکانی خۆمەوە بردمییەوە کەنار ئاوەکانی بێ دەنگی و لەوێشەوە دامیەوە دەست ئومێد.... ئومێد هەمیشە لەبەردەم تێکشکاندایە بەڵام لەنێو هەموو تێکشکانەکاندا جارێکی تر ئومێد لەدایک دەبێتەوەو دەچێتەوە بەردەم مەترسی...

بەیانییەکی زوو هاتمە دەرەوە....درەختە ڕووتەکانی سەر شەقامەکە شیعرەکانی پایزیان دەوتەوە... شەقامە کۆنەکەی سابوونکەران تەواو بۆنی پایزی لێ



www.pertwk.com



دەهات. سەرەتای بەیانی بوو منیش لەسەرەتای دۆزینەوەی هەستێکی ئەزەلیدا بووم..... بەڕاستی موعجیزەکە ڕوویدا ...... شتێک کە زۆرینەمان ناومان ناوە دەنگی خودایانە. بەیەقینەوە و بە بوونی نێوەندێکی گەورە بۆ ناسینەوە، لەنێومدا چرپاندی ئەوەتا ..... چاکەتە سەوزەکەی لەبەردایە . دەبوو ئەو بەیانییە نەتبینم ..... دەبوو بەوجۆرە نەمناسیتایەتەوە و هیچ کات نەبووە هەرئەوەندەو بەزوویی کەس بناسمەوە کاتێک لەنێوانماندا ڕێگەیەکی فراوانتر لەئاستی ناسینەوە هەبێ و سەرەڕای ئەمانەش تۆ پشتت لەمن بوو، بەڵام بەڕاستی موعجیزە بوو کە دوای یەکەمین و کۆتاین کوژرانم بکوژەکەمم ناسییەوە. ئاخر مرۆڤی کوژراو هەرگیز شێوە و ڕوخساری بکوژەکەی خۆی لەبیرناچێ ئیدی با لەزوڵمەتدا یان لەپشتەوە یان لەخەودا کوشتبێتی .

بەتەنها پێغەمبەرەکان توانای موعجیزەکردنیان نییە . ئەوە تەنها ئەوان نەبوون کە شتی نامومکینیان ئەنجام دەدا . موعجیزە شتێکە هی هەرکەسێکی هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئاڵۆزتر لە تێگەیشتنێکی خێرا .... موعجیزە هی هەموو مرۆڤێکە کە سەرقاڵی تێگەیشتن و تێڕامانە لە هەرشتێک کە خودای تیا دەبینێ . موعجیزە شتێکەکە دەبێت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕووبـدات و ئـەوە تـەنها موعجیزەکـانن کـە سـنووری خەون و حەقیقەت .... سەراب و زەریا.... ئەفسانەو ڕاسـتی ..... هێنـدە لەیـەک نزیـک دەکەنـەوە کەبەئاسـانی ڕەنگـەکانیان تێکـەڵ دەبـن و بـەڵام هـەروەک خۆیـان دەمێننـەوە و هـیچ گۆڕانکارییـەکیان بەسەردا نایەت چونکە هەرچەندە سەراب لە ئاو و ئاو لە سەراب هەڵبکێشین... سەراب هەر سەرابە و ئـاویش هـەر ئـاوە . بۆیـە دواجـار مـوعجیزە مـادام لـەکاتێکی دیـاریکراودا دەبێتـە هێـزی لێـک نزیـک کردنـەوەی جیهانـە جیاوازەکـان کەواتـە لـەکاتێکی دیاریکراویشدا هێزەکانی خۆی کۆدەکاتەوە و شتەکان دەخاتەوە جێی خۆی.

موعجیزەکـان تـەنها دەیانـەوێ بیرمـان بخەنـەوە کـە لەکاتێکی تـردا بـۆ ئەبـەدی و لـەپێناو دروسـت کردنـی جیهانێکی نوێ دا هەمووما تێکەڵ بەیـەک دەبین .... چونکە بەیەکـەوە دەبینـە جیهـانێکی تـر یـان هـەمووما پێکەوە پارچە وور د و وورد ترەکانی ژیانێکی دیکەین.





## ( نامەیەك تێكەڵ لە دوونامەكەی شەوی 4 و 9 ی 10 ی 2006 )

شـەوێک بـۆم نوسـیت زەمەنێکـە بـەدزی پەنجەرەکانتـەوە سـەیرت دەکـەم. بـەدزی دەرگاکانتـەوە دێمـە ژوورەکانـت و بـەدزی دڵتـەوە خۆشم ویستویت! ناوم نایت ( بکوژی من ).

من زووتـر لـەوادەی تێگەیشتنت خۆمگرتبووە ئاوێنـەی ڕێگاکانـت. دوای ئێـوارەی دەسـپێکی پـایزی 2006 شـەیداتر لـەوەی کـە بتـوانم چاوەڕێت بم . یەکـەمین گـۆرانی خـۆمم بـە ووشـەو بـە هێمـا نـاردە دەریـا ئارامەکـەی خەیاڵتـەوە لەیەکـەمین نامـەی ئەلکترۆنیـدا بەخوێندنەوەتم ووت:

تا سنووری ژیانم و تا کۆتایی بوونم ئولفەتم بەجوانییە نەمرەکانتـەوە گرتـووە تـا ئەوبـەری بیرچـوونەوەم لەخەیاڵی گەردووندا تەنها بۆتۆ دەژیم ئەی بکوژەکەی مـن.. تـۆش نـاوت نـام (لـەکاتێکی تـردا زیـاتر و باشـتر ئـەدوێین لەسـەر ئـەو شـتانەی کـە دەتـەوێ لـێم نەشاریتەوە).

زەمەن بـووە ئـاوی دەریاکـان و دەبـوو مـن بیانخۆمـەوە تـا کـات گوزەربکـات و تـۆش بـیر لـەم پێویسـتی ژیانـە بکەیتەوە کەتەنها خۆشویستنی منە بۆت.



www.pertwk.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زەنگی تەلەفۆن ئەودەنگە بوو کە هەرگیز چاوەڕوانی نەبووم بەڵام بووە زەنگی ساغکردنەوەی گەورەترین تاوانبار لەبەردەم تەواوی دادگاکانی زەمەندا.... بووە زەنگی ساغکردنەوەی من.... ئیتر یان بەرەو جەهەننەم یان بەرەو جەهەننەمێکی تر یان بەرەو جەنەتی تەفسیرکردنی هەستەکانی ئەوینداری لەبەردەم ئەزموون کردنیدا.

دەنگمان گەیشتە یەکتر و یەکەمین کێشەمان ئەوەبوو تۆ پێت وابوو کە من ئاڵۆز دەدوێم و منیش وامدەزانی کە سادەترم لەخۆشەویستیم ...... (( خەتاکانی من هەمیشە زادەی پایزە بێ دەنگەکانی تۆ بوون )).

وات پێووتم ... پاشان ووتت:

تۆ، جگە لە دڵت چ هێزێک پەی بەم نهێنییە دەبرد؟

..... من لەپەنهان کردنی ئەو ڕەنگانە سەرسامم

..... من لەشاردنەوەی ئەم خۆشویستنەتدا ناچار بووم خۆم گێل بکەم.

شەوێکی سەیر بوو دەبوو هەموو ئیشەکانی دونیا ڕاپەڕێنم و هەموو تۆڕەکانی خەون پێکەوە گرێ بدەم . شەوێک کەتا ئەوسەری ژیان هێندە کارم نابێت هاتیت و لەنێو سەرقاڵیەکانمدا پێت ووتم: بڕوام بەخۆشویستنەکەت هەیەو تەنها دەتوانم سوپاست بکەم چونکە تەنها دەتوانم بەقەدەر خۆم چاوەڕێت بم.



www.pertwk.com



لەو شەوەوە دڵنیا بووم کە موعجیزە شتێکە هەردەبێ ڕووبدات... موعجیزە هەموو ئەوشتانەیە کە مرۆ وەک پێویستی ڕۆحی و بێ سنوور چاوەڕێیان دەکات و هەرگیز یادکردن و چاوەڕوان کردن نابێتە هۆی بێزار بوون و هەستی بێزار بوون لەدنیای ئەو شتانەدا نییە کە ڕۆژێک لەڕۆژان لەگەڵ موعجیزەیەکدا دەژین . موعجیزە تاکە شتێکە کە سنووری نائومێدی تێکدەشکێنێ و ئەگەر تەنها بۆ فێرکردن و تێگەیشتنێکی بچوکیش بێت لەئارامگرتن و چاوەڕوانی هەر ڕوودەدات . ڕەنگە زۆرێک لەکاری پێغەمبەرەکان موعجیزە نەبن. بەبڕوای من ئەوە تەنها موعجیزەی پێغەمبەرەکان بوو کەتا ئەودیو سنووری ژیان و بوونیان هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئامانجەکانیان بوو . من هەرگیز دوولەت کردنی مانگ و زیندوو کردنەوەی مردوو وە فڕین بەرەو ئاسمانەکان و شەرە خوێناویەکانیان بە موعجیزە نازانم.

بەڵام چەندە زووتر سوارەکانی خۆتت کۆکردەوە و ڕۆیشتی!، تا من لە ژماردنی ئەستێرەکان هاتمەوە ، تۆ لوتکەکانی کچێنیتت دابووە دەم با!

تەنها دێڕێک کە بتوانێت ماوەی من و تۆ بەیەکەوە یان زەمەنی بەرکەوتنە خوداییەکانمان دیاری بکات. تەمەنی پەپوولەیە، بەڵام وەک خودا بۆ هەتا هەتایە لەنێو مندا دەمێنیتەوە. وەک خۆت بۆ ئەبەدی لەنێو مندا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەمێنیتەوە بەبێ ئەوەی زەمەن کار لە یادکردنت بکات بەبێ ئەوەی زەمەن پیرت بکات....... نازانم چی پێ ئەڵێن، بەڵام  تۆ لەو جێگەیەی نێو مندایت گەر خودا زووتر پەی پێ ببردایە، ئەوا ئەزەلیەکەی خۆیی لەویادا و لای من دادەنا.

تۆ لە جوانی جوانتری، چونکە نەمرتریت لەوەی، کەدەستی خەیاڵم بتگاتێ...تۆ ئیدی بۆ هەتا هەتایە لێرەیت، لەنێو دڵی مندای ئەی بکوژەکەی من...ئەی جوانترین بکوژی دونیا.



سەراب لە ئێوارەکانی غوربەت

## لەکۆتایدا ......

دواجار ئەزانم پێ ئەکەنیت چونکە تۆ ئاگرت کردۆتەوە و شێرەبەفرینەی مناڵەکانت تێکداوە .

پێ ئەکەنیت چونکە دەستکێشەکانمت لەجێگەیەکدا شاردۆتەوە کە خەیاڵ دەستی پێی ناگات .

پێ ئەکەنیت چونکە قەڵەمەکانم لەگیرفانی تۆدان و چاکەتەکەشم لەبەر تۆدایە .

پێ ئەکەنیت چونکە وەک ئەمیرەی ئیمپراتۆرەکان ئەژیت.. هەرگیز هیچ شتێک ڕاتناچڵەکێنێت مەگەر بتەوێ لاسایی مرۆڤە ڕاچڵەکاوەکان بکەیتەوە.... تۆ نازانیت بۆ ڕاچڵەکیون بۆیە پێ دەکەنیت.

پێ بکەنە بەڵام بزانە  من لەهەموو ئەم باسەدا تەنها ئەمەوێ پێت بڵێم کە خۆشم دەوێیت. هەرچەندە جەبرزانێکی سست و پەلەشتم، بەڵام دەمەوێ ئەمانە بکەنە ئەوەی کە پێتبڵێم من زۆرم خۆشدەوێیت و ئیتر ئەوەندە کە نازانم بنووسم و بڵێم چەندە.

ئەزانم پێ ئەکەنیت چونکە نازانم بڵێم چەند.

پاییزی – 2006

کوردستان – سلێمانی



www.pertwk.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com